## منداڵێ ... خالید شه یدا

لـه قو تابخانـه ی شارێ
لـه دەرگا ڕاوەستا بوو
چاوەڕێ ی مامۆستا بوو
پرسیارێکی لـێ بکات
کـه مامۆستای ببینـی
یـەکسـەر ڕووی تـێ کرد و
ووتـی
ئایـه بۆ لـه ئاسمانـی
ووڵاتـه کـه ی ئێمـه
هـەموو ڕۆژێ
هـه ر هـەورەتریشقـەیـه و
هـه ور بـه ری ئاسمانـی گرتیـه
هـەر گـەردەلوولـەو ڕەشـەبایـه
هـەموو ڕۆژی
لـەهـەر بستێکـی ئـەم ووڵاتـه
هـەر تـەم و مژ گـەماڕۆی دایـه
بۆ لـه ووڵاتـەکـەی ئێمـه
خۆر هـەر وونـه
شـه و ڕۆژ
وەك یـەك وایـه
دەبگـەڕێن
تـا بزانـن
ڕۆناکـی بۆ کـام لا
ڕفێنرایـه
خۆر لـه کوێ
سـەر برایـه
لـه چ دوورگـەو بیابانێك
نێژرایـه

هانۆڤەر. . . 05/10/26